# لەبارەی داوای خانەنشینی ئەو بەڕێزانەی
# دوای تەواوبوونی ماوەی یاسایی تەمەنی پەرلەمان سوێندی یاساییان خوارد

دوابەدوای درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان لە (٢٠٢٢/١٠/٩)، چەند ئەندامێکی پەرلەمان وەک هەڵوێست وەرگرتن دژی ئەم کارە نایاساییە دەستیان لەکار کێشایەوە، بۆ شوێنگرتنەوەیان چەند بەربژێرێک بەپێی ریزبەندی دەنگەکانیان شوێنیان گرتنەوەو سوێندی یاساییان خوارد، دواتر لە (٢٠٢٣/٥/٣٠) دادگەی ئیتیحادی بڕیاری نادەستورییبوونی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانیدا، ئەو ماوەیەی لە (٢٠٢٢/١١/٦) تا (٢٠٢٣/٥/٣٠) ی بە نایاسایی دانا، بەمەش سەرجەم ئەو یاساو بڕیارانەی پەرلەمان دابوونی، ئەو هەنگاوانەی نابووی لە پڕکردنەوەی شوێنی ئەندامە دەستلەکارکێشاوەکان بە ئەندامی نوێ و سوێندخواردنیان، پوچەڵ کرانەوە. هەر بەپێی بڕیارەکەی دادگە، ئەو ماوەیەی پەرلەمانتاران موچەیان وەرگرتبوو نایاسایی بوو، دەبوایە موچەکان بۆ خەزێنەی گشتی بگێڕنەوە، بەلام هیچ پەرلەمانتارێک موچەکەی نەگێڕایەوە، بەوانەشەوە کە لە ئێستادا لیستیان دروستکردووە، یا لەنێو حزبەکانیاندا خۆیان کاندید کردۆتەوە!

ئێمە لە دامەزراوەی پەی، چەندین راپۆرتمان بۆ رای گشتی بڵاو کردەوە، دەیان یادداشتمان پێشکەش بە لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد، هەر لە سەرۆکایەتیەکانی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی دادوەریەوە تا وەزارەتی دارایی، بەڵام سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی بەردەوام بوون لە پێدانی موچە نایاساییەکە، یادداشتمان پێشکەش بە دامەزراوەکانی (داواکاری گشتی، دەستەی نەزاهە، دیوانی چاودێری دارایی) کرد، بەڵام ئەوانیش کە ئەرکی خۆیان بوو بەدواداچوون بکەن و رێگر بن، کەچی هیچکامیان دەنگیان لێوە نەهات!

سەرباری هەموو ئەوانە، پێنج لەو بەربژێرانەی لە دوای (٢٠٢٢/١١/٦) بەنایاسایی سوێندیان خواردبوو، کە بریتین لە (سۆز عەبدولقادر عەبدولڕەحمان) و (دلێر عەبدولخالق حاجی) لە بزوتنەوەی گۆڕان، (عەبدوڵلا حەسەن حەمەد) و (لەیلا عەلی عەبدولعەزیز) لە بزوتنەوەی ئیسلامی، (بێروان فەقێ ئیسماعیل) لە یەکگرتووی ئیسلامی (هەر بۆ زانیاری دوای سوێندخواردنی بێروان فەقێ لە پەرلەمان، یەکگرتووی ئیسلامی ناوبراوی لە ریزەکانی خۆی دەرکرد)، لە سەرەتای مانگی تەموزی داوایان کرد هاوشێوەی پەرلەمانتارەکانی خولی پێنج مامەڵەی خانەنشینیان بۆ بکرێت، بەڵام بەهۆی نایاسایی بوونی کەیسەکەیانەوە سەرۆکایەتی دیوانی پەرلەمان نەچووە ژێر باری ئەو لێپرسراویەتیەوە، دواتر لە (٢٠٢٣/١١/١٣) هەر پێنجیان لە یادداشتێکدا داوایان لە سەرۆکایەتی دیوان کردەوە مامەڵەی خانەنشینیان بۆ بکات، لە یادداشتەکەیاندا هاتبوو: "بە پشت بەستن بە بڕیاری ژمارە (١٢٩٥٢) لە (٢٠٢٣/١٠/١٢)ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بڕگەی سێیەمی تایبەت بە کارپێکردنی ئەو یاساو بڕیارانەی لە دوای (٢٠٢٢/١١/٦) لە پەرلەمانی کوردستان درچوون، کە لە دوای ئەو بەروارەوە سوێندی یاساییان خواردووە خانەنشین بکرێن". مەبەست لەو بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیران کە بە ژمارە (١٢٩٥٢) کە لە (٢٠٢٣/١٠/١٢) دەریکردووە، تیایدا هاتووە کار بەو یاسایانە بکرێت کە لەدوای درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان دەرچوێنراون، بەپێی ئەمە بەربژێرە سوێندخواردووەکان مەبەستیان بوو ئەو ماوەیەی لەپەرلەمان بوون بە یاسایی بۆیان هەژمار بکرێت، ئەمەش پێچەوانەی یاسا و بڕیاری دادگا بوو!

بەپێی زانیارییەکانی دامەزراوەی پەی، سەرۆکایەتی دیوان بەبێ ئەوەی پشتگیرییان لێ بکات، لە ژێر فشاردا تەنها یادداشتەکەیانی ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کرد، دواتر داواکارییەکە برایە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران و لە رۆژی (٢٠٢٤/٣/٢٧) یەکێک لە تەوەرەکانی کۆبوونەوەکە بوو، یازی ئەوەیان هەبوو هەر پێنجیان خانەنشین بکەن.

شایانی باسە ئەو بەرێزانە یەکێکیان تەنها (٥) مانگ، چوارەکەی تریشیان تەنها دوو مانگ و پانزە رۆژ لەپەرلەمان دەوامیان کردبوو. لەو ماوەیەد بە هەر پێنجیان بڕی (١٧٢.٢٠٠.٠٠٠) سەد و حەفتاو دوو ملیۆن دیناریان وەک موچە وەرگرتبوو. کەچی بە نایاسایی داوای خانەنشینیشان دەکرد، وەک ئەوەی بیریان چووبێت ئەو ماوە کورتەی لە پەرلەمان بوون بە یاسادارێژەر (مشرع) و پارێزەری یاسا ناوبراون!

سەرباری ئەوەی خواستی خانەنشینکردن بۆ ئەو پێنج بەڕێزەو بەدەمەوەچوونی داواکەیان هەبوو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، بەڵام بەهۆی نایاساییبوونی کەیسەکەو دروستکردنی فشاری مەدەنیەوە کارەکە ئەنجامنەدرا. چونکە ئەگەر بکرابوایە و دواتر هەر کەسێک لە دادگەی ئیتیحادی سکاڵای تۆمار بکردایە، دادگا لەبەرژەوەندی سکاڵاکار و لە دژی حکومەتی هەرێم بڕیاری دەدا و خانەنشین بوونە نایاساییەکان هەڵدەوەشانەوە.

ئێمە لە دامەزراوەی پەی، لەپێناو سەروەری یاسا و دادی کۆمەڵایەتیدا، وەک ئەرکێکی مەدەنی خۆمان لەکات و ساتی خۆیدا کارمان لەسەر کردووەو فشاری مەدەنیمان کردووەو رای گشتیمان لێی ئاگادار کردۆتەوە، نەشماندەویست زیاتر لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەین، بەڵام لەم چەند رۆژەدا یەکێک لەو بەربژێرانە لە رونکردنەوەیەکدا رایگەیاندبوو کە داوایان نەکردووە خانەنشین بکرێن و چەند بەڵگەنامەیەکیشی خستبووە روو. لە راستیدا دوابەدوای ئەوەی هەوڵەکانی ئەو بەربژێرە بەڕێزانە سەری نەگرت بۆ خانەنشینی، ئەو کاتە داوای گەڕانەوەیان کرد بۆ سەر کاری پێشوویان، مێژووی سەر یادداشت و نوسراوەکانیشیان شایەتن.

ئێمەش لێرەدا بەڵگەی داواکانیان و نوسراوی فەرمی سەرۆکایەتی دیوان دەخەینە روو و هاوپێچی دەکەین، بۆ ئەوەی راستیەکان نەشێوێنرێن، چونکە هەموو ئەو کەیسانەی دامەزراوەکەمان وروژاندویەتی پشت ئەستور بووە بە بەڵگەی حاشا هەڵنەگر، تاکە مەبەستمان ئەوە بووە دوور لە چەواشەکاری زانیاری دروست بە رای گشتی بگەیەنین.

***هاوپێچ:***

١-یادداشتی پێنج بەربژێر بۆ سەرۆکایەتی دیوانی پەرلەمان بۆ مەبەستی خانەنشین بوونیان.

٢-نوسراوی سەرۆکایەتی دیوانی پەرلەمان بۆ ئەنجومەنی وەزیران بە ژمارە (١٠٧/أ/٢) لە (٢٠٢٣/١٢/٢١) کە یادداشتەکەی بە فەرمی ناردووە.

**دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**
**٢٠٢٤/١٠/١٠**

بۆ / سەرۆکایەتی دیوانی پەرلەمانی کوردستان

بابەت / یاداشت

بە پشت بەستن بە بڕیاری ژمارە( ١٢٩٥٢ ) لە ( ٢٠٢٣/١٠/١٢ ) ی ئە نجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بڕگەی سێیەم تایبەت بەکارپێکردنی ئەو یاسا وبڕیارانەی لە دوای ( ٢٠٢٢/١١/٦ ) لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوون ئێمە ژمارەیەك ئەندام پەرلەمانین لە دوای ئەو بەروارەوە سوێندی یاساییمان خواردووە، بفەرموون بە پێی یاساو رێنماییەکان ویاسای ژمارە ( ٢ ) ی ساڵی ( ٢٠٢٠ ) ی چاکسازی مامەڵە لەگەڵ کەیس ومافەکانمان بکەن.

ناوەکان:-

١- بیروان فقی إسماعیل

٢- عبدالله حسن حمد

٣- سۆز عبدالقادر عبدالرحمن

٤- دلێر عبدالخالق حاجی

٥- لەیلا علی عبدالعزیز

لەگەڵ رێزدا ...

ژمارە: ٢/ ١/ ٤/ ١٠٧
ڕێکەوت: ٢١/ ١٢/ ٢٠٢٣

**بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان**

**ب/ یاداشت**

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا یاداشتی ژمارەیەك لە پەرلەمانتارانی بەڕێزی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانتان بۆ دەنێرین، کە لە دوای ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١١/٦) سوێندی یاساییان خواردووە، و بەهۆی پابەندبوونی پەرلەمانی کوردستان بە بڕیاری دادگای فیدراڵی لە بەرواری (٢٠٢٢/٥/٣٠) مامەڵەی خانەنشینیان بۆ نەکراوە.

**لەگەڵ ڕێزدا...**

هاوپێچ/ یاداشت

ئەردەلان محمد سەرسپی
سەرۆکی دیوان

**وێنەیەك بۆ :**

- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دیوان .
- نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی دیوان.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کارگێڕی و خۆیەتی.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دارایی.
- بەڕێوەبەرایەتی ووردبین و چاودێری ناوخۆ.